# تۆرانییەكان لە سلێمانی مەترسییەكی گەورەن

(بەشی دووەم)

بۆ بینینی بەشی یەكەم كلیكی ئێرە بكە

كەمال جەمال موختار

- دوێنێ دراوسێ كەركوكییەكەمان كە، تازە ئەو خانووەی بەرامبەرمانی كڕیوە، لەگەڵ یەكێكی دیكەدا لە دەرگایاندا و پرسیاری ئەوەیان لێكردم ئایا دەمانەوێت خانووەكەمان بە برادەرەكەی بفرۆشین !؟ لە وەڵامدا وتم: نیازمان نییە، بەڵام چەندمان دەدەنێ ئەگەر مێردەكەم بەمە ڕازی بوو؟
ـ هەر نرخێك دادەنێن، ئاگادارمان بكەرەوە، ئەوسا قسەی لەسەر دەكەین؟

لەگەڵ دوا قسەو ماڵئاوایی كردنیدا دەستێكی ئومێدنەبڕانی خستە سەر شانی برادەرەكەی، كە تا ئەو كاتە بە بێدەنگی و سەرلەقاندن هاوبەشی گفتوگۆكانمانی دەكرد. هەر ئەو ئێوارەیە باسەكەم بۆ مێردەكەم گێڕایەوە، كوڕە گەورەكەم نەیهێشت باوكی دەمی بكاتەوە هاواری بەسەرماندا كرد:
ـ ئەوە چی دەڵێیت!؟ ئەم كابرا واوا لێكراوە چووە لە دوو سێ ماڵی كۆڵانەكەی ئەودیویشمانی داوە، هەمان پرسیاری لێكردوون. ڕۆژ نییە ئەم كابرایە خۆی بە ڕێكخراوە توركمانییەكەی ئەو بەر فولكەكەی خاڵەحاجیدا نەكات. بۆ ئەوان كاردەكات! كێ ناڵێت ئەوان ڕایان نەسپاردووە.

( كە من لە سلێمانی باسی مەترسی و چالاكی تۆرانییەكانم باسدەكرد، ناسیاوێكیشم لە گەڕەكی ئاشتی، ئەوەی لە زمانی دراوسێكەیانەوە بۆ گێڕامەوە)

*********

گەڕەكی ئاشتی، گەڕەكێكی گەورە و قەشەنگی شاری سلێمانییە. ساڵی ١٩٨١ كە من سلێمانیم جێهێشت، ئەو گەڕەكە نەبوو، یان بوو بەڵام چەند خانوویەكی كەمی تێدا دروست كرابوو. لەو دووایییەدا ڕژێمی بەعس بۆ كاربەدەستەكانی (ئەمن) چەند ڕیزە خانوویەكی تێدا دروستكرد و ناوی (دور الامن) ی لێنا، ئیتر هەرچی كاربەدەستی ئەو دەستگایە هەبوون خۆیان ڕژانە ناو ئەو گەڕەكەوە، بوو بە گەڕەكێكی قەدەغەكراو و هەمیشە لە ژێر چاودێریدا بوو. خەڵكی بۆیان نەبوو بێهۆ توخنی ئەو ناوە بكەون، یان شەوانە تێیدا بسووڕێنەوە. پاش ڕاپەڕینە جەماوەرییەكی ساڵی ١٩٩١، گەڕەكەكە كرایەوە بە كوردیی و ناوی (گەڕەكی ئاشتی) بەسەردا دابڕا. ئەمڕۆ ڕێكخراوە تۆرانی و دامودەسگاكانی میت و وێستگەی ڕادیۆ و فێرگە و قوتابخانە توركمانییەكان لەم گەڕەكەدا كۆبوونەتەوە، جموجۆڵیی و چالاكی خۆیانی تێدا دەكەن.

كابرایەكی شۆفێر كە منی تا ئەو گەڕەكە گەیاند گێڕایەوە:
ـ ڕۆژێك باوكێك و منداڵەكەیم تا ئەو قوتابخانە توركییەگەیاند، بە دەم باسی ئەوەوە كە تاتی خۆی ئەم گەڕەكە ئەمن و عەرەبی تێدا بوو، پێش دابەزین بە پێكەنینەوە پێی وتم:
ـ كێ ناڵێت چەند ساڵێكی دیكە ئەگەر تۆمان تووش بووەوە و پێت ناڵێین: ئا تا ( دور التركمان) مان بگەیەنە!.

*********

ئەو كوردانەی ڕژێمی بەعس لە كەركوك و خانەقین و ناوچەكانی ژێردەسەڵاتی خۆیدا دەریان دەكات و؛ هانا بۆ ناوچەڕزگاركراوە كوردییەكان دەبەن، زۆربەیان لە لایەن ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتوو و خێرخوازەكانەوە یارمەتی دەدرێن و شوێنی هەوانەوەیان بۆ دابین دەكرێن، لە ڕووی ئیدارییەوە حكومەتی هەرێم لێیان بەرپرسە. كارمەندێكی ڕێكخراوی قەندیل (كە پێی خۆش نەبوو ناوەكەی ئاشكرا بكەم) لە سلێمانی دەگێڕێتەوە: لە ساڵی ( ٢٠٠١) ئەو ڕێخراوە بەنیازبوو پردێكی گەورە لە قلیاسان دروست بكات. (سەعدی ئەحمەد پیرە) ی لێپرسراوی پەیوەندییەكانی دەرەوەی یەكێتیی نیشتیمانی، سێ كەسی لە پیاوە (بەڵێندەرە!) كانی خۆی ناردە سەریان و بە نیمچە هەڕەشەكردنێكەوە داوای لێكردن تا كاری دروستكردنی پردەكە بەوان بسپێرن. هەر ئەو كارمەندەی

ڕێکخراوی قەندیل گووتی: یەکێک لە هۆکانی وازهێنانمان لە پرۆژەی دروستکردنی پردەکە ئەم دەست تێخستنەی (سەعدی ئەحمەد پیرە) بوو. ئەو گێڕایەوە: هەر ئەو بەڵێندەر و پارەدارانەن کە بە کاری درووستکردنی ڕیزە خانوو بۆ ئاوەرەبووەکانیش هەڵدەستن، پاش تەواوبوونیان لێپرساو و کاربەدەستانی دیکەی یەکێتی هەن، کە پێکرا زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراوی ئەو پرۆژەیەن؛ کە بەسەر ئاوارەبووەکاندا دابەشی‌دەکەن.

*********

لە ساڵی (١٩٤٨)ەوە زۆربەی فەلەستینییە نیشتەجێبووی ژێرچادرەکانی (لوبنان) و (ئوردون) و شوێنی دیکە، لەناو چادرەکانی خۆیاندا ماونەتەوە، هیچ حکومەتێکی عەرەبی، ڕێکخراوی فەلەستینی، هەتا فەلەستینییە ئاوارەبووەکان بۆ خۆشیان ڕازی نیین دەربچن و بەسەر شوێنی دیکەدا دابەشیان بکەن. ئەوان دەڵێن بە دەرچوونمان لە ژێر ئەم چادرانەدا! کۆتاییهێنانی مەسەلەی فەلەستین و مانای نەگەڕانەوەمانە بۆ خاک و وڵاتی خۆمان. پارتە کوردییە دەسەڵاتدارەکانی ئێمەش زۆر بە هاسانی مەسەلەی ئاوارەبووەکانی کەرکوک و خانەقینیان بۆ چارەسەرکردووین. لەبەر ئەوەی ئەوان دڵسۆزییەکیان بۆ مەسەلەی کورد نییە، بە بۆچوونی خۆیان پاشەڕۆژی کوردستان ڕۆشناییەکی تێدانابینرێت، بۆیە گیروگرفتی ئاوارەبوون و وڵاتجێهێشتنیشیان بەلاوە مەبەست نییە، بەڵام لە بەر دەستکەوت و بەرژەوەندی ماددی و پارەوەدەستهێنانی خۆیان، بێگێرمەو کێشەیەک ئەو ئاوارەبووانە بۆ هەمیشەیی لە سلێمانی و کفری و شوێنی دیکەدا نیشتەجێ دەکەن. ئەوان چاک دەزانن کە بەم کارەیان نەگەڕانەوەی ئاوەرەبووەکانە بۆ شوێنی خۆیان، واتە بۆ پاشەڕۆژیش دەستهەڵگرتن وکۆڵدان و لەبیرچوونەوەی کەرکوک و خانەقین. دەسەڵاتدارانی یەکێتی پرۆژەی جێگیرکردنی ئەو پەنابەر و ئاوارەبووانەیان زۆر لە لا مەبەستە، کارێکی جیددیانەی بۆ دەکەن. بێگوومان هەواڵی ئەم ئاسانکارییانەی کاربەدەستانی یەکێتی بەزووترین کات دەگەنەوە دەم دانیشتووانی کەرکوک و خانەقین. لەبەر ئەوەی ئەمرۆش باری گوزەران و ئابووری دانیشتووانی ناوچەرزگارکراوەکانی کوردستان کەمێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی چێترن، ئەوانیش بۆ دەربازبوونیان لە دۆزەخەی بەعس و چاککردن و مسۆگەرکردنی باری ئابووری خۆیان، هەوڵ دەدەن بە هەر شێوەیەک بێت خۆیان بگەیەننە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی. بەلاتانەوە سەیر نەبێت ئەگەر ئەم ڕاستییەشتان بۆ بدرکێنم، کەوا هەندێ کەسی دەرکراو و ئاوارەبووی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت بە دەمودەست چەورکردنی کاربەدەستانی ئەمنی کەرکوک و خانەقین بۆ خۆیان دەچن داوا دەکەن تا ناوی ئەوانیش بخرێنە لیستی ناوی ئەو کوردانەی حکومەت بە نیازە لە لیستی داهاتوویاندا دووریان بخاتەوە. ئەمەش بەپشتگیری و پلاندانان و ڕاوێژی کەسێکی ناسیاوی خۆیان ئەم هەنگاوە دەنێن. ناسیاوەکانیشیان بەهۆی دەسەڵاتدارەکانەوە کە لێپرساوی دابەشکردنی خانووەکانن یارمەتی دەدرێن و بەڵێنیان پێدەدرێن: تا ئەوانە بێن هەموو یارمەتییەک لە جێوە ئامادەیە، ئەم ڕەوکردن و هاتن و ئاوارەبوونە، واتە بەردەوامبوونی پرۆژەی خانوودروستکردن و بازاڕگەرمی پارەپەیداکردنی ئەو لێپرساوانەیە.

لەگەڵ ڕێورەسمی گەیشتنی ئەوانەدا بۆ سلێمانی و شوێنەکانی دیکە، لە هەندێکیشیان بڕێ پارەی باش دەسەنررێت، ئەمیش بۆ خاتری ئەوەی ئەو تازە ئاوارەبووە خانوویەکی گەورە و باشی لە شوێنێکی گونجاودا پێبدرێت، کە لە چاو خانووی ئاوارەبووەکانی دیکەدا جوودا و تایبەتیتر دەبێت.

بە ماوەیەک پاش وەرگرتن و گواستنەوەیان بۆ ناو خانووەکە، ئەوە دەمێنێتەوە ڕۆژی داهاتوو کاکی ئاوارەبوو بیر لە کارکردن بکاتەوە، بۆ نمونە تاکسییەک بکرێت و کاری خۆی دەست پێبکات. کاری شۆفێری بۆ زۆربەی ئاوارەبووەکان پیشەیەکی چاک و گونجاوە. هەر شۆفێری تاکسییەک لە سلێمانی ڕۆژانە کەمترینیان (٢٠٠دیناری سویسری) دەست دەکەوێت، بۆیە زۆربەیان بە قەرزیش بووە هەوڵی کڕینی ماشێنێک دەدەن و دەیخەنەگەڕ. ئەوەی کارێکی باشیشی دەستنەکەوێت ئەوە براتورکمانەکان دەمودەست دەیان گرنەخۆیان و پارە و کاریان بۆ دابین دەکەن. زۆربەی ئەوانەی لە کەرکوک یان خانەقینن هەوڵی دەربازبوون دەدەن ئەمە بەرنامەی کاری دوای ئاوارەبوونیانە، لێرەوە کار بۆ بەدیهێنانی خەونەکەیان دەکەن.

www.Kurdistannet.org

حیزبه دەسەڵاتدارەکان، بەتایبەتی یەکێتیی نیشتیمانی کە لە مێژە کوردستانیان بە داگیرکەران فرۆشتووە، چاونەترس و بێباکن، مەبەستیان نییە چۆن کوردستان کاول دەبێ، کورد چی لێبەسەر دێت، ترسێکیان لە دڵدا نییە!. ئەوان میللەتیان هەڵسەنگاندووە، دەزانن ئەمڕۆ کەسێک نییە بیر لە لێپرسینەوە و دادگاییکردنیان بکاتەوە، یان بە ڕاپەڕینێک تەختیان سەرنگوون بکات و، شوێنەواریان نەهێڵێت. میللەتێکی خاوەن نەهامەت و قوربانیی گەورەی وەک کورد، کە لە سەدەی تەکنیک و ئینتەرنێتدا ئەمانە بە خاوەن و دەمڕاستی خۆی بزانێت، بەناو ڕوناکبیر و نووسەرانیشمان پشتگیریان لێوەبکەن! بەڕاشکاوییەوە دەڵێم: ئەو میللەتە شایستەی سەدان ڕێکخراوی (پیرە!) مافیا و ڕابەرایەتی دەیان حیزبی خزمەتگوزار بە دوژمن و داگیرکەرانە.

(چاوەڕێی بەشی سێیەم بن)

کەمال جەمال موختار
کوردستانپۆست
سلێمانی ٢٠٠٣/١/٥
www.kurdistanpost.com

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣